# سەدام دەیەوێ لە سوید بژی

**ئامادەکردنی : فەخرەدین تاهیر**

**سەدام حوسێنی دیکتاتۆری پێشووی عێراق داوای کردووە کە حکومەتی کاتی عێراقی لێبووردنی بۆ دەربکات و ڕێگای پێبدات لە سوید وەک پەنابەرێک بژیت.**

**ڕوونکردنەوەیەکی پێویست**

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئەم بابەتەم بە هۆیe.mail ی کاک حەیدەر عەبدولرەحمان ، بۆ ڕۆژنامەی خەبات لە هەولێر نارد ، ڕۆژێک دواتر سەیری بابەتەکەم کردەوە ، هەستم کرد هەندێک هەڵەم بەسەردا تێپەڕیوە ، بەپەلە <کاک حەیدەر> و هەروەها <کاک نەژاد عزیز سورمێ>شم بە فاکسێک ئاگادار کردەوە و دانە راستکراوەکەم بۆ رەوانە کردن . مخابن ئەمرۆ ڕۆژی سێشەمە ریکەوتی ٢٨-٩-٢٠٠٤ لەژمارە < ١٥٧٤ > ی ڕۆژنامەی خەبات و لەلاپەڕە < ٦ > دا ، بەم هەموو کوموکوڕییەوە بلاویانکردۆتەوە ، هەرچەندە هەڵەکە هی خۆمە، بەڵام دەبوایە گوێ لەداواکارییەکەمان بگرن . بۆیە ناچارم دانە راستکراوەکە

دوبارە بڵاوبکەمەوە.

ئەمرۆ ڕۆژنامەی <ئافتۆن بلادت –aftonbladet>ی سویدی ڕۆژی سێشەمەی ریکەوتی ٢١-٩-٢٠٠٤ بە مانشێتێکی گەورە نووسیویەتی < سەدام دەیەوێ لە سوید بژی >.

ژنەڕۆژنامەنووسی سویدی < سوزانە کۆردۆن > گفتوگۆیەکی لەگەڵ <Giovanni di Stefano>پارێزەری سەدام حوسێن سازداوە.

پارێزەری ناوبراو لە وەڵامدا دەڵێت دوێنێ ئێوارە چاوم بە بەرپرسانی حکومەتی کاتی عیراقی کەوت و داخوازی نامەی سەدام حوسینم پێشکەش کردوون ، لە داخوازی نامەکەدا داوام لە حکومەتی کاتی عیراقی کردووە دەبێ سەدام حوسێن لێبووردنی بۆ دەربچێت و لە زیندان ئازاد بکرێت.

ڕۆژنامەی ئافتۆن بلادت دەنووسێت پارێزەری سەدام لە داخوازی نامەکەدا بەم شێوەیە داواکاری سەدامی خستۆتە ڕوو کە سەدام



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

وتویەتی:( ئومێدەوارم کە ئەوەندەی تەمەنم ماوە رێگام پێبدرێت لە تاراوگە لە سوید یان نەمسا یانیش ئەگەر لە سویسرا وەربگیرێم ژیان بەسەرببەم ).

ستیفانۆ درێژ بە قسەکانی دەدا و دەڵێ : ئەگەر بە چاوپۆشی لە کەسێکی تاوانبار یان بێتاوان ، ئەوە دادوەری دادگا مافی بڕیار دانی هەیە، بەڵام بە مەرجێک دەبێ دادوەرەکانی سەدام بەڵگەنامەی راست و دروست و پاکیان بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانن سەدامی پێ تاوانبار بکەن کە گوایە ئەو هەموو تاوانانەی ئەنجام داوە، چونکە دادوەرەکانی سەدام بەو بەڵگەنامانەی بەردەستیان ناتوانن سەدام تاوانبار بکەن ، ئەمەیان دەرحەق بە کەسێکی وەک سەدام قسەیەکی قۆڕە )...!!

لەبەشێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەیدا ستیفانۆ دەڵێ : سەدام حوسێن بە حەوت خاڵی سەرەکی تاوانبارکراوە ، کە هەرە دیارییان جینۆسایدی مرۆیی و کۆکوژی کۆمەلانی خەڵکی بێتاوانە لەعیراقدا.هەر پارێزەری ناو هاتی لە درێژەی ئاخاوتنەکانیدا وتویەتی : سەدام نەخۆشە و زۆریش خەمبارە . بەگوێرەی چەکەکۆکوژەکانی سەدامیش هەتا هەنوکە هیچ بەڵگەنامەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێت کە پەرەی بە دروست کردنی چەکە کۆکوژەکان دابێت ، هەتا ئێستاکەش هیچ جۆرێک لەو جۆرە چەکانە نەدۆزراوەتەوە. هەروەها دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی ستیفانۆی پارێزەر دەبێژێت : دەربارەی گازی ئەعساب کە لە شارۆچکەی کوردنیشین لە ساڵی(١٩٨٨) لە هەلەبجەدا بەکار هاتووە ، کە بووە هۆکاری لەناوچوونی هەزاران خەڵکی بێتاوانی ئەم شارۆچکەیە. باوەڕناکەم کەسێک لە نێو کورددا هەبێت باوەڕ بکات کە سەدام حوسێن کەسێکی بێتاوانە بەرامبەر بە کارەساتی هەلەبجە یان نا . هەروەها دەڵێ هەتا هەنوکەش دیارنییە چۆن چۆنی گازی ئەعساب بەبەرهەم هێنراوە یان بە چ شێوەیەک ئەو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەیوەندییە لەگەڵ دەرەوە دروست بووە ، بۆ هێنانی پێداویستیەکانی ئەم جۆرە گازە ، ئەمەشیان هەر ساغ نەبۆتەوە. هەر لەم ڕووەوە دەڵێت پێمـوایە سەدام هەتا هەنوکە کەسێک ناتوانێت تاوانباری بکات کە دەستی لە کارەساتی هەڵەبجەدا هەبووە یان نا..!! هەر پارێزەرەکەی دەڵێ پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی وورد لەم ڕووەوە بکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت کە کێ تاوانبارە لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە گازە دا.

سوزانە کۆردۆنی ڕۆژنامەنووس دەنوسێت : سەدام حوسێن <١٠> مانگ زێدەترە لە زیندان دایە ، تەندروستیشی ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرە و خراپی دەڕوا و زۆریش ماندوو و غەمبار دێتە بەرچاو ، هەروەک ستیفانۆی پارێزەر بۆی گێرامەوە .

ستیفانۆی پارێزەر دەبێژێ : دادگایی کردنی سەدام حوسێن کارێکی ئەوەندە سانا نییە و بەلایەنی کەم پێویستی بە دوو ساڵ هەیە ، هەتا ئەو هەموو بەڵگەنامانەی لەسەریەتی ئامادە بکرێت بۆ دادگای کردنەکەی ، ئێ ئەوکاتە لە ڕووی یاساییەوە سەدام مافی خۆیەتی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا کە لە کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ دا لە عیراق ئەنجام دەدرێت ، خۆی هەڵببژێرێت. هەروەک هەموو خەڵک دەزانن سەدام لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا لە هەڵبژاردندا< ٩٨٪ > ی دەنگی بەدەستهێناوە . هەر ستیفانۆی پارێزەر دەڵێ : نیوەی گەلانی عیراق داوا دەکەن سەدام یەکسەر ئیعدام بکرێت و بەشێکی دیکەشیان کە هەواداری ئەون خەو بەوەوە دەبینن جارێکی دیکە وەک سەرۆکی عیراق لەسەر حوکم بیبیننەوە.

ستیفانۆی پارێزەر دەڵێت : دوو ئەلتەرنەتیڤ بۆ تەنگژەی دادگایی کردنی سەدام هەیە ، یان ئەوەتا بە زووترین کات دادگایی بکرێت و ببڕێتەوە ، یانیش ئەوەتا ئازاد بکرێت و بۆ ئەوەی چیدیکە لەو شەڕ و پێکدادانەدا خەڵک بە خۆڕایی نەبنە قوربانی.

## سزای سەدام تەنیا مردنە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەی شیاوی وتنە لە گۆشەیەکی دیکەی هەمان ئەو لاپەڕەییەی ئەو چاوپێکەوتنەی تێدا بلاوکردۆتەوە . ڕۆژنامەی Aftonbladet لە ستوونێکدا و بە مانشتێکی گچکەتر، نووسیویەتی: (سزای سەدام تەنیا مردنە ).

لە ناوەڕۆکی ئەم ستوونەدا هاتووە کە حیزبی بەعس بە ئینقلابێکی عەسکەری لە ساڵی ‹ ١٩٦٨› دا هاتوونەتە سەر تەخت و تا ڕۆژی روخانی رژێمەکەی هەر خۆی یەکەم کەس و تاکە کەس بووە حوکمی عیراقی کردووە . هەر سەدامیش بە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی هەشت ساڵەی لە ساڵی ‹١٩٨٠› دا دژ بە ئێران . کە بوو هۆکاری لەناوچوونی بە سەدان هەزار خەڵکی بێتاوانی هەر دوو وڵات لە و شەڕە نەگریسەدا . لە درێژەی ئەم ستوونەدا هاتووە ، هەر بە فەرمانی سەدام بوو لە ساڵی ‹ ١٩٨٨› دا ، هەلەبجە بە گازی کیمیاویی ژەهرباران کرا . هەر ئەویش بوو لەساڵی ‹١٩٩٠› دا وڵاتی کوێتی داگیرکرد و هێزەهاوپەیمانەکانیش لە ساڵی ‹١٩٩١›دا کوێتیان لە ژێر چەپۆکی دەرهێنا و ئازادیان کرد. هەر هەموو ئەو تاوانانە لەلایەک و سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش جۆرج دبلیو بوش لەلایەکی دیکەوە کە هەتا ئێستا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە سەدام دەستی هەبووە لە ‹١١›ی سێپتمبەری ساڵی ‹٢٠٠١› دا کە هاریکاری رێکخراوی تیرۆرستی ئەلقاعیدەی کردووە ، بۆ هێرش کردنە سەر ئەمریکا و لە ئاکامدا ئەو کارەساتە گەورەییەی لێکەوتەوە.لە دوماهی ئەم ستوونەدا بەم چەند ووشەیە کۆتایی هێناوە و دەنووسێت : ئەگەر بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی و دادگایی کردنی سەدام حوسێن وەک تاوانبارێک ئەوە دەبێ بەلایەنی کەم حوکمی ئەبەدی بدرێت . بەڵام پێموایە دادگای عیراقی رەچاوی ئەو پەرەگرافە کۆنەی یاسای عیراقی دەکات بۆ حوکم دانی سەدام کە ئەویش سزاکەی تەنیا مردنە.

ستۆکهۆلم ٢٢-٩-٢٠٠٤



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

Aftonbladet
Tisdag 21 september 2004

EXTRA



# Saddam vill bo i Sverige



## Döms han blir det till döden

**Saddam Hussein, 67,** var president och regeringschef i Irak 1979–2003.

Som nyckelfigur inom baathpartiet deltog han i statskuppen 1968 när partiet ensamt tog makten i landet. Året efter blev han vicepresident och i praktiken ensam ledare i Irak.

Saddam inledde ett krig med Iran 1980 som varade i åtta år och krävde hundratusentals dödsoffer.



*1988 fällde Irak kemiska bomber över den*

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com